# دایـــــــک لــــــــە دیـــــــدی شاعیـــــــراندا

## شێرکۆ بێکەس: کڕنوش بردنیش کە پەشیمان بوونەوەی لەدوا نەبێت بۆ دایکە

دایکم لەناو ئەزموونی ٤٠ ساڵی شیعرەکانمدا جێگەیەکی ئێجگار خۆشەویستو دیاری هەیە، وەك ئەوەی ئەگەر ئەو ئەزمونە بەدرەختێ بچوێنین ئەوا دایکم دەبێتە رەگو ریشەی ئەو درەختە، ئەمەش لەبەر ئەوەی دوای کۆچی دوایی باوکم، ئیتر هەر ئەو باوەشی سۆزو چرای ژیانی ئێمە بووە، ئەو ساتەی ئاوڕ لەمنداڵیم دەدەمەوە، لەهەموو دیمەنێکدا دایکم ئامادەبوونی خۆی هەیە، بەکورتی ئەگەر (پاڵەوانێك) لەژیانی هەر کەسێکدا هەبێت پاڵەوانو سونبولی ژیانی من دایکم بووە، ژنێکی گورجوگۆڵی بەدەستو دەمو‌پل پاراو، ژنێکی وریاو زیرەكو هەرگیز دۆشدانەماو، بەکورتی لەو ژنانەی وەك دەڵێن هویەکی لەمویەك دەکردەوە، بۆ ئەوەی ئێمە بەجوانی پەروەردە بکات، خەونە جوانەکانی منداڵیو دایكو لەیەکتری جیاناکرێتەوە، من بۆ خۆم نەك هەر رۆمانە شیعری خاچو مارو رۆژژمێری شاعیرێکدا کە دیارە لەمەیدانی کەسایەتی دایکم روبەرێکی گەورەی داگیرکردووە، بەڵام کەم دیوانم هەیە شیعرەکانم نەچووبنە سەر ئەو سەرچاوەیەو نەگەڕابنەوە بۆ لای دایکم، بێگومان ئەم بەردەوام گەڕانەوەیەش پەیوەندی بەخۆشەویستییەوە هەیە، چونکە ئەشێ لەژیانی شاعیرێکی تردا ئەم هۆگربوونو خۆشەویستیە نەبێت یان کەم بێت، ئاخر من دایکم ژنێکی ئاسایی نەبوو، مردەلۆخەو دەستەوستانو بەهەموو قسەیەك رازی نەبوو، لەسەر هەقی خۆیو ئێمە پەنجەی بەچاوی هەر کەسێکدا دەکرد کە بیویستایە غەدرمان لێبکات، لەهەموو کۆڕو دانیشتێکی ناو خزمانو کەسوکاردا وەك دەڵێن هەر خۆی گوڵی مەجلیس بوو، قسە لەڕوو شەرمی لەکەس نەدەکرد، بەدەیان حیکایەتو بەیتو پەندی



من کێڵگەی گەنمو جۆی شیعربووم
دایکیشم بارانی پەڵەدان
من بەردی ناو لانکەی شاخێ بووم
دایکیشم نیشتمان
من کرمی ئاوریشمی قۆزاخەی بەهرە بووم
دایکیشم درەختی برکو ژان
من جەستەی مەلێکی سپی بووم
دایکیشم ئاسمانی وەك قەتران
من خەو بوومو دایکم شەرم
من کەروێشكو ئەو نزابوو
من جۆلانەو ئەو لقی دار
من هەناسەو دایکم سنگ بوو
ئەو قەفەزو من کەوەکەی
من چیرۆكو ئەو شەوەکەی

پێشیناو گۆرانیە فۆلکلۆرییەکانی لەبەر بوو، لەبەر ئەوە یەکەم کەس کە زمانی کوردی لا خۆشەویست کردم ئەو بوو، ئەو جێگەی باوکیشی بۆ ئێمە گرتبووەوە، رۆژی دایکان رۆژی ئێمەو رەگو ریشەی جوانیەکانە، رۆژی خۆشەویستییەکی نەمرە، رۆژی شیعرە مێینەکانە، بۆیە لەم رۆژە ئەمەوێ لەبەردەم ئەوی ٨٥ ساڵەدا بنوشتێمەوەو پێی بڵێم ئەمە رۆژی تۆو هەموو ئەو دایکانەیە کە بەخۆشەویستی گەورەیی خۆیان ژیانیان جوانتر کردووە، چ بۆ ئێمەو چ بۆ ئایندەش من نازانم لەم رۆژەدا بەچ زمانێك لەم خۆشەویستیو زیندوویەی تۆ بدوێم، تۆ خۆت شیعرو گۆرانیو تابلۆیت، با تەمەنت هەر درێژ بێت بۆ ئەوەی تەمەنی یادگارییە شیرینەکانیش هەر درێژتر ببنەوە، بۆ ئەوەی هەموو ساڵێك لەم رۆژەدا میهرەبانی ئێوە بەسەرماندا بدرەوشێتەوە، ئەوەی کۆتایی بۆنیە دایکەو ئەوەی لەئاوی رەوانیش رەوانترەو روحی ئێوەیە، لەم وڵاتەشدا هەر ئێوە رێچکەی ئەو ئازارە درێژە بوون و، دەم بەخەندەو هەمیشە لەتروسکە تروسك نەکەوتوون، بەڕاستی هەر هەموو مرۆڤایەتی قەرزاری ئێوەیەو تەنها کڕنوش بردنیش کە پەشیمان بوونەوەی لەدوا نەبێت بۆ ئێوەیە.

## رۆژ هەڵەبجەیی "زۆربەی چەوسانەوەکان لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بۆ دایکە، بۆیە دایک باجدەری زۆربەی شتەکانە"

دایك پێناسی جێگیری نییە، چونکە دایك زۆر لەپێناسە گەورەترە، بەڵام لەڕوانگەی ئەوانەی شیعر دەنوسن، یان فەیلەسوف یان رۆماننوسن، یەکێك لەوانە مەکسیم گۆرکی دەڵێ "دایك جوانترین پەرستگایە" یان ئەدیسۆن دەڵێت "دایکم دروستی کردم" من هێشتا لەمانە بەگەورەتری دەزانم دایك لای من بەعیبادەت سەیری دەکەم من لەتەمەنێکی منداڵیدا کە دایکم نەماوە، هەڤدە ساڵ بووم، بۆیە مامەڵەم کەم بووە لەگەڵی، منداڵیم دیوە لەگەڵ دایك، بەڵام مرۆڤ لەگەورەییەدا هەست بەبوونی دایك دەکات منیش لەو گەورەییە دایکم نەدی بەداخەوە، وە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا دایك باجی هەموو شتەکان هەموو گرفتەکان دەدات، چونکە میللەتێکی داخراوین، وە لەلایەکی تریشەوە سۆزی دایك بۆمان زۆرترە، واتە کاتێك باوك دەمرێ دایك جێی ئەویش دەگرێتەوەو باجی هەموو قورسیەکانی تریش دەدات، وە دایك لەکۆمەڵی ئێمەدا زۆر چەوساوەیەو زۆر گرفتی دیوە، بۆیە دەکرێ لەرۆژی دایکدا رێز دانێین بۆ ئەو دایکانەی چەوساوەن، من کاتێ منداڵ بووم دایکم ئازار نەداوە، چونکە منداڵێکی وریا بووم، هەندێ جار قاپم شکاندووە، تورە بووە، بەڵام عەزێتی نەداوم، کاتێ باوکم باوکسالاری دەنواند، دایکم نەیدەهێشت.

من تا ئێستا هۆنراوەم بۆ دایکم نەنوسیوە، بەڵام کاتێ بۆ ژن دەنوسم وا هەست دەکەم بۆ دایکم دەنوسم، چونکە ژن چەوساوەیە، ژنیش بەشێکە لەدایك رۆژانە لەلایەن پیاوەوە درۆی لەگەڵ دەکرێ، پیاوێك هەمیشە شەڕ لەگەڵ خۆیدا دەکاتو بەدۆڕاوی دەگەڕێتەوە، پیاوێك لەفەتوا تاریکەکانی تەمەنیدا بەمن دەڵێت "دەتخەمە سەر شانی هەنگاوەکانو منالێت پێ دەکەمو لەسەر باڵی ئێوارەیەکی پەمەیدا پلیکانەی خەیاڵ بەکرێ دەگرمو بەئەستێرە قژت دائەهێنمو مانگ لەباخی کراسەکەتدا ئەڕوێنم".

هەموو ئەمانە درۆن کە پیاو لەگەڵ ژندا دەیکات، ئەمەش چەوسانەوەیەکی ژنە کە دایك بەشێکە لێی، بۆیە دەمەوێ لەرۆژی جیهانی دایکدا پێشنیار بۆ هەموو پیاوە رۆشنفکرەکان بکەم، کە هاوکارمان بن بۆ ئەوەی دایکانی داهاتوو رۆشنفکر بنو نەبنە باجدەری هەموو شتەکان، چونکە باجی هەموو چەوسانەوە کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسیەکان هەمووی هەر دایك دەیدات.



## لەتیف هەڵمەت "لەباتی تاجی پاشایەتی تاکێک لەپێڵاوەکانی دایکم دەخستە سەر سەرم"

وشەی دایك لەلای من تەنها ووشەی دایك ناگەیەنێت، بەڵکو ووشەی نیشتمانو خۆشەویستیو هەموو شتێکی جوان دەگەیەنێت، من کاتی خۆی وەك لەبیرم بێت دایکم هاوڕێم بوو، وە باسی دایکم ناکەم ژنێکی زۆر جوان بوو، یەکێك بوو لەجوانەکانی کەسوکارو هۆزەکەمان، من لەهەموو جوانییەکدا لەجوانیو سروشت و ئەستێرەدا، وا هەست دەکەم دایکم هەیە، دایکم هاوڕێی رۆحی منەو بەوتەو کردارەکانی گەورەی کردووم، گەر بەمناڵی نارەحەتیەکم بکردایە سەرزەنشتەکانیشی جوان بوو، وە لەگەڵ گەورەبونمدا ئەو خۆشەویستیەی ئەویش گەورە بوو لەناو دڵمدا، هەستم بەخۆشەویستی نیشتمان کرد زانیم نیشتمانیش خۆشەویستی گەورەیەو دایکێکی گەورەترە لەدایکم، ئەو دایکە منی هێناوەتە دونیاوە، خۆشەویستی ئەو دایکەم نەخشەیەك بوو بۆ نیشتمان، کە باسی داربەڕوویەك دەکەن دەیبڕنەوە، وا ئەزانم بەشێك لەدایکم لێدەکەنەوە، کە چیایەك بۆردومان دەکرێت وا هەست دەکەم سەری دایکم بۆردومان دەکرێت، کە لقی دارێك دەشکێنرێت، وا هەست دەکەم پرچی دایکم دەبڕنەوە، من کاتێ ووشەی دایك بەکاردێنم تەنها وەك وشەیەکی سادە بەکارناهێنم، چونکە هەموو دایکانی دونیا تا ئێستا چەوساوەنو ئادەم کە دروست بوو رەنگە بەرێکەوت دروست بووبێت، بەڵام حەوا وەك زەرورەتی ژیان دروست بووە، لەبەر ئەوە بەلای منەوە دایك زۆر پیرۆزترە لەباوك. من وا هەست دەکەم هەمیشە دایکم پێویستە هەرچەندە چومەتە تەمەنێکی دیاریکراوەوە، هەر منداڵەکەی جارانمو پێویستم بەدایکمە. دایکم بۆتە کتێبم، بۆتە هەموو هەموو ئەو کەسانەی خۆشم دەوێن.

دایکم بەمناڵی شیعری بۆ دەوتم، کاتێ زستان باران دەباری هەندێ شیعری دەوت، وام هەست دەکرد لەرێکخستنی خۆی بوو، دەیوت:

باران دەبارێ نم نم ئەدا لەپرچی شەونم
باران دەبارێ تاو تاو ئەدا لەزوڵفی ئافتاو
باران دەبارێ چین چین ئەدا لەزوڵفی گوڵچین



که دایکم مرد
زەوی هەر وەك خۆی مایەوە
بەڵام لەناو دڵی مندا
دەرگای کۆنی قوڵترین زام کرایەوە
ئای دایە گیان دووریەکەی تۆ زۆر گرانە
دوریەکەی تۆ نەکرۆزەی تینوێتیە
نە زویریو تورەبونی دەستگیرانە
لەدوری تۆ زۆر زۆر هۆڵمە
هەڵگورد خەمەو باری کۆڵمە
ئەگەر شەوێ لەشەوان
لەتوێی خاکی گڵکۆوە
روناکییەك دڵۆپ دڵۆپ
تاریکایو ماڵی کردی بەچراخان
وا نەزانی مۆمە منم من ئەسوتێم بەدیار تۆوە
ئەی دایە گیان
بەنوقڵ هەر دەڵێم نوقڵ
بەبرین هەر دەڵێم برین
بەگوڵیش هەر دەڵێم گوڵ
بەڵام دایە
ئیتر هەتا هەتایە
من بەکێی دی بڵێم دایە..؟

ئەم جۆرە شیعرە فۆلکلۆرییانەی یان هەندێك جار بەهەندێ فۆلکلۆری شۆخی ئامێز خوشكو برا بچوکەکانمی دەخەواند، ئەو بارودۆخەی دایکم، وای لێکردم کە شیعرم لەلا خۆشەویست بێ، وە دایکم لەناو هەموو شتەکانمدا بتوێتەوە، تەنانەت لەناو شتە مادیو روحیەکانیشدا، کاتێك سەیری جوانی مانگو ئاوو ئەستێرە دەکەم، هەست دەکەم سەیری دایکم دەکەم، کاتێك دایکێکی میهرەبان دەبینم، وا هەست دەکەم تۆزقاڵێك لەمیهرەبانیەکەی دایکمە، تەنانەت لەکتێبی شیعرەکانیشمدا رەنگدانەوەی هەبووە، ئەگەر شیعرو کتێبیشم خۆشبوێ، لەبەر ئەوەیە کە میهرەبانی سۆزی دایکمی تێدایە، بۆیە بۆتە هۆگری رۆحی من. ئەگەر دایك بمایە هەموو رۆژێك لەخەو هەستامایە هەردوو دەستو قاچیم ماچ دەکرد، لەباتی تاجی پاشایەتی تاکێك لەپێڵاوەکانی دایکم دەخستە سەر سەرم، بەڵام بەداخەوە لەکۆمەڵگای ئێمەو هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش بەشێوەیەکی پێویست رێزی دایکان ناگرن، یان رێزی ئەوانە ناگرن کە لەدوارۆژدا دەبنە دایك، هەق وایە لەرۆژی دایکدا هەموو شارو دێیەك وەك رەمزێك پەیکەرێك بۆ دایك بتاشێت لەزێڕ، ئیتر ئەم پێشنیارە لەوانەیە سەد ساڵی تر بێتە دی، یان هەر نەیەتە دی. تەنها لەو رۆژەدا دەڵێم سۆزو شیعرم بۆ دایك بۆ ئەوانەش لەدوارۆژدا دەبنە دایك.

موحسن ئاوارە

### دایکم کۆچی بەسوێ

ئەی دایە
کە منداڵ بووم
بۆ ساتێ خۆم لێت
دەشاردەوە
بەهەناسە سواریو
پەشۆکاوییەوە
بەدوامدا دەگەڕای
ئێستا من گەورەمو
تۆیان لێم شاردەوە تا
ئەبەد
لەکفنیان گرتی،
بەخۆڵو بەرد
دایانپۆشی
کە نەتوانم جارێکی
تر لێفەت لەسەر
هەڵدەمەوە
لێفەی خۆڵو بەرد
هەموو گەردوونو
ئەودیو گەردونیشت
لێ بگەڕێم
نە جارێکی تر
دەبمەوە ئەو منداڵەی
جاران
لێت بزربمو لێم
بگەڕێی
نە تۆش لەسەر ئەم
زەوییەدا ئەدۆزمەوە
لێفێکی ئاسایی
لەسەر چاوەکانتا
لادەمو
بڵێم هەڵسە (دایە)
رۆژ درەنگە